The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# هەڵوێستی ناوەندی چاک سەبارەت بە ڕووداوەکانی شاری هەڵەبجە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و سوتاندنی مۆنمێنتەکە لە لایەن ناوەندی چاکەوە مەحکوومە

**کەس و کاري قوربانیان**
**خە ڵکي شاري هە ڵەبجە ی شەهید پەروەر**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکان**

هەروەك ئاگادارن ئێمە لە سەرەتاوە لەگەڵ داخوازەکاني خەڵکي هەڵەبجەدا بووین، لەگەڵ ئەو درووشمەی (( هاتنە ژورەوە بۆ هەڵەبجە لە بەرپرساني گەندەڵ قەدەغە بکرێت ))، بەڵام بەداخەوە ڕوداوەکە بەوەندەوە نەوەستا و گەیشتە سەر سوتاندنی مەزاری شەهیدان و شەهید و بریندارکردنی چەندین هاووڵاتی، ژمارەی شەهیدانی هەڵەبجە بە مەزاری شەهیدانەوە گەیشتە 5003 کەس، لە ئەمڕۆوە ئێمە ژمارەی قوربانیان بە 5003 دەدەینە هەژماردن، ئەمەش دەربڕی ئەوەیە، لە لایەکەوە شەهیدانی 16-3 دووەم خوێنیان تێکەڵ بە شەهیدانی 16-3-1988 بوو، ئەمەش بۆ خۆی تاوانێکی گەورەیە، لە لایەکي دیکەوە سوتاندني مۆنیومێنتەکە بە کەمتر لە شەهیدکردنی هاووڵاتیان و قوربانیانی هەڵەبجە نازانین، ئێمە زۆر بە توندی پرۆتستۆی سوتاندنی دەکەین، و بە کارێکی تێکدەرانەو نا شارستانی دەدەینە قەڵەم، بە تایبەتیش کاتێك بە نەخشەوە ئەنجامدرابێت.

ئێمە کۆي داخوازەکانمان لەسەر ئەو ڕووداوە لەم خاڵانە دەردەبڕین:

1- لیژنەیەك لە پارتە سیاسییەکان، کۆمەڵە جەماوەرییەکان، و خەڵکی هەڵەبجە و خۆپیشاندەران پێك بهێنرێن بۆ ئەنجامداني لێکۆڵینەوە لە ڕوداوەکە و دادگاییکردني تاوانباران.

2- هەر لایەنێکی سیاسی لە پشت سوتاندنی مۆنیومێنتی هەڵەبجەوە بێت، شەفافانە ناوی ئاشکرا بکرێت و بۆ هەتا هەتایە ئەو لایەنە بۆی نەبێت کاری سیاسی لە ناو شاری هەڵەبجە ئەنجام بدات و بارەگای هەبێت .

3- پاکسازی شاري هەڵەبجە لە کۆنە بەعسی و جاش و خاوەن فایلەکان لە دام و دەزگای حیزبی و حکومییەکان ، و پاکسازی لە بەرپرسانی گەندەڵ لە دام و دەزگا فەرمیەکانی هەڵەبجە.

4- گرنگیدان بە باری پەروەردە و ڕۆشنبیری شاری هەڵەبجە وەک قوتابخانە و مەڵبەند و یانەی ڕۆشنبیری و وەرزشی.

5- کۆتایی هێنان بە بارودۆخی نا ئاسایی لە شاری هەڵەبجە ، سەرجەم زیندانەکان دەست بەجێ بێ قەید و شەرت ئازاد بکرێن .

6- مۆنمێنتەکە بە زووترین کات چاك بکرێتەوە، بەڕێوەبردنی بخرێتە ئەستۆی کەس و کاري قوربانیان، ئێمە کۆمەڵەیەکی ناحکومی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مۆنیومێنتە بە باشتر دەزانین تاوەکو کارمەندانی حکومی.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاك-
2006-3-17